**سەرۆک بارزانی بۆ کەناڵی (العربية):**

# ئیتر ئەما کورد هاووڵاتی پلە دوو بێت




---

## با هەموومان کاربکەین بۆ چەسپاندنی ئاڵایەکی نوێ بۆ ئێراقی دوای دیکتاتۆر



ئاڵای نوێی کۆماری ئێراقی دیموکراتی فیدراڵی (بەڵێ) یان (نەخێر)




ئەم وێنە دەستکاری کراوەی سەرەوە کە وێنەی سەددام حوسەینی بۆ زیاد کراوە پار لە کوردستان نێتدا بڵاوم کردەوە. ئەمە بۆ جار دووەمە بە پێویستم زانی بڵاوی بکەمەوە.

sarkankurdee@yahoo.com سەرکان کوردی / ئەمریکا

*** بەڕێز مسعود من دوو ئاڵا لە تەنیشتت دەبینم و هیچ یەکێکیان ئاڵای عێراق نین، پێمواپە بەر لە شەش مانگیش ئەو پرسیارەم لێکردووی، ئێستاش هەمان پرسیار دەکەمەوە، کە جەلال تالەبانی سەرکۆماری عێراقە، کەی مسعود بارزانی دەبینین ئاڵای عێراقی لە تەنیشت بێت؟**

**– سەرۆک بارزانی:** پێمواپە لە دیمەشقیش هەمان پرسیارت لێکردم و منیش بەهەمان وەڵام، وەڵامت دەدەمەوە، تائێستا ئاڵایەک بۆ عێراق بوونی نییە، ئەو ئاڵایەی هەیە، ئاڵای حزبی بەعسە، گوتوومە ئێمە بە ئاڵای پاشایەتی یا ئاڵای کۆماری چواردەی تەمووز قایلین یا بە ئاڵایەکی نوێ، تائێستاش بڕیار لە ئاڵایەکی نوێ بۆ عێراق نەدراوە، بۆیە چاوەڕوان دەکەین تا بڕیار لە ئاڵایەکی نوێ دەدرێ بۆ عێراق و ئەو کاتە بە هەموو شانازییەکەوە بەرزی دەکەینەوە.

*** بەڵام بەڕێز مسعود بارزانی شکل زۆر گرنگ نییە، چونکە شکل هەندێک ناوەڕۆک بەدیار دەخا لەژیانی سیاسیدا. ئەمڕۆ جەلال تالەبانی و کوردی دیکەی بەشدار لە حکومەت لەگەڵ ئەو ئاڵایەی عێراقن، بەڵام هەست دەکەین هەرێمی کوردستان لەو دەوڵەتەی عێراق جودایە؟**

**– سەرۆک بارزانی:** نەخێر، ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، عێراقی نوێ دەبێ ئاڵایەکی نوێشی هەبێت، هەروەها بوونی کورد لە بەغدا بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە بەو ئاڵایە رازین کە حزبی بەعس دروستی کردووە، بۆیە من دووبارەی دەکەمەوە کە مەسەلەکە تەواو جودایە، ئێمە شانازی بە ئاڵای عێراقی دەکەین، بەڵام دەکرێ ئاڵایەکەی پاشایەتی بێتەوە گۆڕێ یا ئاڵای چواردەی تەمووز یاخود لەسەر ئاڵایەکی نوێ رێکدەکەوین، بەڵام ئەو ئاڵایەی ئێستا ئاڵای عێراق نییەو ئاڵای حزبێکە، بەبۆچوونی من هەڵکردنی ئەو ئاڵایە دەبێ وێنەی سەرەکی رژێمی پێشووشی لەپاڵ بەرز بکرێتەوە.

(لە ڕۆژنامەی خەباتەوە وەرگیراوە)